پشت بەحوکمی ماددەی (8)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (4)ی ساڵی 1999، لەبەر ئەوەی هەڵەی چاپ لە پەیڕەوی (ماڵەکانی بەساڵاچووان) ژمارە (2)ی ساڵی 2013دا هەیە ، بۆیە بە پێویست زانرا هەڵەکانی ڕاست بکرێتەوە و دەقەکان بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو بکرێتەوە.

1- پێناسەی سەنتەری ڕۆژانە لە بڕگەی (هەشتەم ) لە ماددەی (یەکەم ) لە پەیڕەوەکە زیاد دەکرێت بەم شێوەیە (هەشتەم: سەنتەری ڕۆژانە بریتی یە لەوشوێنەی کە بەساڵاچووان کاتەکانی ڕۆژانەی خۆیان تیادا بەسەر دەبەن و پێداویستیەکانی کات بوێردن و ڕۆشنبیری بۆیان دابین کراوە).

2- لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی(شەشەم) ی پەیڕەوەکە هاتووە (ب) نیە بەڵکو (ج)ە، بەم شێوەیە (دووەم : بەرچاو گرتنی باری (جستەیی و کۆمەڵایەتی ) بۆ ئەوەی هەڵاوێردن بکرێت لە خاڵی (ج) ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (5) .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 1 ) ساڵی 2015**

ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (24838لە 2014/12/9) بریارماندا:-

بە پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی ( تەپە شوانکارە ) سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی / بازیان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەرووبەری (65) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (13)لە کەرتی 6/ تەپە شوانکارە) بەپێی یاسای کاری کوژانەوەو دەست هەڵگرتن .

- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2015/1/11.

**بەیانی ژمارە ( 2 ) ساڵی 2015**

ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (7276لە 2014/12/18 ) بریارماندا:- بە پەسەندکردنی حەرەمی گوندی (میردینکێ ) سەر بەقەزای ناوەندی دهۆك / ناحیەی زاوێتە و بەرووبەری (3) دۆنم و (7) ئۆڵك .

ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2015/1/11.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**